

گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1455 (PP 302-319)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.15

توێژینەوە

# پەیوەندیی پەروەردە بە پێکەوەژیان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو قوتابیانی پۆلی ٩ی بنەڕەتی لە شاری هەولێر)

**عەباس شەریف ئەحمەد**/ بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

**عبدلحمید علی سعید /** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

## پوختە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشان کردنی پەیوەندیی پەروەردە بە پێکەوەژیان. جۆری توێژینەوەکە وەسفی پەیوەندییە، سوود لە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی بە رێگای نموونە وەرگیراو، نموونەی توێژنەوەکە لە جۆری نموونەی هەرەمەکی چینایەتی نارێژەیی کە لە (٤٠٠) قوتابی قۆناغی نۆی بنەڕەتی لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە شاری هەولێر وەرگیراوە .

توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتوە کە پەروەردە کاریگەری راستەوانەی بە بڕی (0.543) لادانی پێوەری لەسەر پێکەوەژیان هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە پەروەردە، بڕی (0.543) لادانی پێوەری ئاستی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەکەشی راستە. هەروەها دەرکەوتووە لە نێو رەهەندەکانی پەروەردەدا تەنها پابەندبوون بە نۆرمەکان" بە تەنها کاریگەریی لەسەر پێکەوەژیان هەیەو رەهەندەکانی دیکە تەنها لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەدا وەکو پاکێجێك کاریگەرییان لەسەر پێکەوەژیان هەیە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە پێویستە پەروەردە وەکو یەك پاکێج پێکەوە ئاراستەی خوێندکار بکرێت بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێت.

CORRESPONDENCE
عەباس شەریف ئەحمەد
abas.sharif@koyauniversity.org

وەرگرتن 2023/08/02
پەسندکردن 2023/09/03
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

وشە سەرەکییەکان:
پەروەردە،
پێکەوەژیان،
ناسنامە،
فرەیی کولتووری،
دانپێدانان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-پێشهكی:**

هەرێمی كوردستان وەكو كۆمەڵگایەكی فرە كولتوور لەگەڵ ئەوەی كە زۆرینەی كوردە، بەڵام بەشێوەیەكی مێژوویی نەتەوەو ئایینی جیاواز لەم نیشتمانەدا ژیاون. لەگەڵ هەمـوو ئەو هەوراز و نشـێوانەی كە لە پەیوەندیی نێوان ئەم پێكهاتانە لەگەڵ یەكتر و هەروەها لەگەڵ دەسەڵاتە جۆراوجۆرەكان روویداوە، بەڵام هەموویان تاكو ئێستا پێكەوەژیاون. لەگەڵ دروستبوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی (1992) چاوەڕوانییەكان بۆ پاراستنی مافی ئەم پێكهاتانە (Ethnics) زیاتر بوو و لەهەمان كاتدا پاش رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی (2003) و دواتر دەركەوتنی داعش لە (2014) پێكهاتە جۆاوجۆرەكانی عێراق زیاتر كەوتنە بەر مەترسی هەڵاواردن، كوشتن و ئاواربوون و بەشێكی بەرچاویان روویان لە كوردستان كردو لەم هەرێمە نیشتەجێبوون.

یەكێك لەو فاكتەرانەی كە لە جیهانی مۆدێرندا چاوەڕوان دەكرێت كاریگەری لەسەر پێكەوەژیان هەبێت و ئاستی پێكەوەژیان كولتوورە جیاوازەكان بەرز بكاتەوە، پەورەردەیە. پەروەردە لە واتا بەربڵاوەكەیدا بریتییە لە؛ هەر چالاكی یان ئەزموونێك كە لەسەر زەین، كەسایەتی یان توانایی جەستەیی تاك كاریگەری بونیادنەر دابنێت. بەڵام لە واتا تەكنیكییەكەیدا، پەروەردە پرۆسەیەكە كە تێدا كۆمەڵگا لە رێگای قوتابخانەكان، پەیمانگاكان، زانكۆكان و دامەزراوەكانی دیكە، بە مەبەست میراتی كولتووری خۆی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە دەگوازێتەوە كە بریتین لە مەعریفە (knowledge)، بەهاكان (values) و لێهاتووی (skills) (Noel, 2019: 5).

وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پەروەردەی شارستانی وەكو ئامانجێكی سەرەكی خۆی راگەیاندوەو دەڵێت: "وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كار بۆ گەشەپێدان و پەروەردەكردنی نەوەیەكی شارستانی و فێرخواز و خاوەن بیر و هۆشـێكی ئاسـت بەرز دەكـات كە رۆڵێـكی گەورەی هەبێـت لە دروسـتكردنی كۆمەڵگـادا"( ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە، https://gov.krd/moe/) بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە پەروەردە، پەروەردەی شارستانییە (Civic education) كە بە پەروەردەی هاووڵاتی (Citizen Education) و پەروەردەی دیموكراسی (Democracy Education)یش ناسراوە.

لە راپۆرتێكدا دەربارەی پەروەردەی شارستانی لە (16) وەڵاتدا، دەیڤید كر (David Kerr) پێی وایە "پەروەردەی هاووڵاتیبوون یان شارستانی بریتییە لە ئامادە كردنی گەنجان بۆ رۆڵ و بەرپرسایەتییەكانیان وەكو هاووڵاتییەك و بەتایبەتی رۆڵی پەروەردە (لە رێگای قوتابخانە، فێركردن و فێربوون) لەم پرۆسەی ئامادەسازییەدا ( Kerr, 2000, p:2)؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پەروەردە بریتییە لە ئامادەكردنی تاكێكی خاوەن متمانەی كۆمەڵایەتییە كە خواستی بەشداری و بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی هەیە و لە هەمان كاتدا پابەندە بە نۆرمەكانی كۆمەڵگا.

پێكەوەژیـان دۆخێـكی زەینـی و لە هەمـان كاتـدا رەفتـارییە كە ئەنـدامانی كۆمەڵگـایەك تێـدا هاوبەشـن و وەكـو هاوبەشـێكی رەواو یەكسـان دان بە مـافی گـرووپەكەی دیكـە دەنێـن، كە دەبێـت ناكۆكییەكـانی نێوانیـان بەشـێوەیەكی ئاشـتیانە چارەسـەر بـكەن ( هاشـــمی و دیگـــران، ۲۰۱۰: ٥). بەم پێیـە پێكەوەژیـان بەو واتـایەیە كە پەیوەنـدییەكی ئاشـــتیانەو ئەرێنی لە نێـوان گـرووپە جیاوازەكانـدا بـوونی هەیە. ئەم پێكەوەژیـانەش كاتێـك بەهـــێز دەبێـت كە پێكهاتەكـان، نەژاد (Racial) و گـرووپە كـۆمەڵایەتییە جیاوازەكـان لەو كۆمەڵگـاو وڵاتـانەی كە دەژیـن هەسـت بە سـەلامەتی، یەكسـانی و رێـز بـكەن( Berns, and other, 2005, p:4) لەم توێـژینەوەیەدا مەبەســت لە پێكەوەژیـان بـریتییە لەوەی كە پێكهـاتە جیاوازیەكـان بەشـێوەیەكی دوور لە توندوتیژی پێكەوە بـژین و دان بە جیـاوازیی یەكـتردا بنێـن و مـافی بەشـداریی یەكسـان بـۆ هەمـوو پێكهاتەكـان بەڕەوا بزانن.

ئامـانجی سـەرەكی ئەم توێـژینەوەیە بـریتییە لە دەستنیشـان كـردنی پەیوەنـدیی نێوان پەروەردە و پێكەوەژیـان. هەروەهـا دەستنیشـانكردنی رۆڵـی گـۆڕاوی دیمۆگـرافی شـوناسی كـۆمەڵایەتی وەكـو نێوەنـدگیر و بەراورد كـردنی ئەنجامەكـان بە گوێـرەی (رەگەز و پێكهـاتەی نەتەوەیـی). بـۆیە لەم پەیوەنـدییەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامـی چەنـد پرسـیارێكی سـەرەكی بـدرێتەوە كە بـریتین لەوەی؛ ئایـا پەروەردە دەبێـتە هـۆی بەرزكـردنەوەی ئاسـتی پێكەوەژیـان لە كوردسـتان؟ ئایـا رەهەنـدەكانی پەروەردە (پابەنـدی یاسـایی، بەشـداری كـۆمەڵایەتی، بەرپرسـیاریەتی كـۆمەڵایەتی و متـمانەی كـۆمەڵایەتی)

بەشـێوەی جیـاواز کاریگەرییـان لەسـەر پێکەوەژیـان هەیە؟ ئایـا بە گوێـرەی تایبەتمەنـدییە دێمۆگرافییەکـان (ڕەگەز و پێکهـاتە) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپەکاندا هەیە؟

## 2. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### 2. 2. پێکەوەژیان لە کۆمەڵگای فرەپێکهاتە (Multiethnic societies)

پێکهـاتە (ethnic) ئامـاژەیە بۆ کردار و ڕوانگە کولتوورییەکانی کۆمەڵگـایەك کە لە ڕەوتی مـێژوودا سـەریانهەڵداوەو دەبنە هـۆی جیاکردنەوەی خەڵك لە یەکتر. ئەندامانی پێکهاتە لە ڕووی کولتوورییەوە لە نێو کۆمەڵگا خۆیان لە گرووپەکانی دیکە جیاواز دەبینن و لەلایەن گرووپەکانی دیکەشەوە بە هەمان شێوە سەیر دەکرێن. تایبەتمەندیی جۆاوجۆر دەکرێ پێکهاتەکان لە یەکتر جیابکاتەوە کە هەرە باوەکانی بریتین لە؛ زمان، مێژوو، باوەڕی ئایینی (Religious Faith)، ڕەچەڵەك (ancestry)، شێوازی جلوبەرگ، خۆڕێکخستن (adornment)( Giddens and other, 2006, p:4).

ئەم جیاوازییـانە لەلایەن وڵاتـان و کۆمەڵگـانەوە بەشـێوەیەکی جیـاواز هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ کـراوە. پەرگیرتـرین کـاردانەوەی دەوڵەتەکان بەرانبەر پێکهاتەکان بریتییە لە سڕینەوەی فیزیکی و کۆمەڵایەتی پێکهاتەکان کە کورد بە درێژایی مێژوو بەرەوڕووی ئەم چەشنە لە سیاسەتی سڕینەوەو جینۆساید کردنی بوەتەوە. لە سەردەمی ئێستادا بە لەبەرچاو گرتنی بەربەستە ئاکاری و کردارییەکانی ئەم جۆرە کاردانەوە، زۆربەی حکومەت و کۆمەڵگاکان میکانیزمگەلێك بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ کەمایەتییە ئێتنیکییەکان و بەشداریان جێبەجـێ دەکەن. کە دەکرێـت لە سـێ مـۆدیلی سـەرەکیدا پۆلێـنی بکرێـت کە بـریتین لە؛ توانەوەگەرایـی (Assimilationism)، جیاوازیگەرایی (differentialism)، فرەکولتوورگەرایی (multiculturalism).

توانەوەگەرایی (Assimilationism) لەسـەر ئەو بنەمایە دانراوە کە ئەندامانی کەمایەتییەکان پێویسـتە لەنێو زۆرینەی کۆمەڵگـادا بتوێنەوە. زۆربەی توێژەران و پەروەردەکاران لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەو باوەڕەبوون کە توانەوە (Assimilation) تەنها ڕێگاچارەو ئامانجی داواکراوی کۆمەڵگای ئەمریکایە. پارك (Park) کۆمەڵناسی دیاری زانکۆی شیکاگۆ، پێی وابوو ئەزموونی گرووپە کۆچبەرەکان و لۆکاڵییەکان بە "خولێکی پەیوەندیی نەژادی" (Race-Relations Cycle) تێدەپەڕن کە بریتیە لە: بەرکەوتن (Contact)، نیشـتەجێبوون (Accommodation) و توانەوە (Assimilation). بەم پێیە تیۆری پارت پێی وابوو کە هەموو گرووپە کۆچبەرەکان پرۆسەیەکی هاوشێوە ئەزموون دەکەن کە سەرەتا لە بەریەککەوتن و گرفتەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ کولتووری نوێیەوە دەست پێدەکات و کۆتاییەکەی بریتییە لە گونجان و توانەوە لە کولتووری سەرەکیدا( Levstik and Tyson, p:138). ئەم مۆدیلە دڵخوازی ئەو وڵاتانەیە کە لەسەر بنچینەی گرووپێکی باڵادەست یان نەتەوەیەك بونیادنراون، هەروەها ئەو وڵاتانەی کە لەسەر بنەمای کۆچی بەربڵاو بونیادنراون وەکو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئۆستراڵیا(Hernes, p:32-33). لە ئێستادا بەشێك لەو کۆمەڵناسانەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توێژینەوە لەسـەر پێکهاتەکان دەکەن، پێیان وایە کە ئەو هـێزە گەورەیە کە وشـیاری بەکۆمەڵی گرووپە ئێتنیکییەکانی دروست دەکرد، کەم بوەتەوە. بۆ نموونە جوولەکەکان یان ئیرلەندییانەی وەکو سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی بەرەوڕووی هەڵاواردن نابنەوەو ناچار نین بەشێوەی هێشووی لە دراوسێیەتی یەکتر بژین. هەروەها هاوسەرگیری لە نێوان ئەندامانی ئایینە جیاوازەکان و ئۆرووپایی و ئاسیاییەکاندا زیادی کردوە. لە ژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەدا، پێیان وایە کە شوناسی ئێتنیکی، لانیکەم لە ئەمریکادا، کاریگەرییەکی کەمی لەسـەر ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی ئەم گرووپانە هەیە. مەگەر ئەوەی خۆیان مۆرکی ئەتنیکی هەڵبژێرن(Giddens and other, 2005, p:317) .

بە پێچەوانەی ئاراستەی توانەوەگەرایی، جیاوازیگەرایی لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کە بۆ خۆپارێزی لە ململانێ کۆمەڵایەتی باشتر وایە ڕێگـا بە پێکهـاتە ئێتنیکییەکـان بدرێت کە لەگەڵ پاراسـتنی چـالاکیە کـۆمەڵایەتی و کولتوورییەکـانی خۆیان، بەشـداریی لە کۆمەڵگایەکی گەورەتردا بکەن. کاردانەوەی ئەم وڵاتانە بە زۆری لێبوردەیی ناچالاکە (passive toleration) بەرانبەر جیاوازییەکان، چونکە پاڵپشتی لەو دامەزراوە جیاواز و هاوتەریبانە ناکات کە لەلایەن کەمایەتییەکانەوە بۆ پاراستنی خود و کولتوورەکەیان دروست کراوە. بەڵام کاتێك حکومەت هەست بە ڕەفتارێك بکات کە پێویستە کۆنترۆڵی بکات لەبەر ئەوەی هەڕەشەیە لەسەر مانەوەی

وڵات، ئەوە بێلایەن نامێنێت. ئەم مۆدیلە لەلایەن وڵاتانی كۆلۆنیالیستی وەكو بریتانیەوە لەسەر وڵاتانی ژێر دەسەڵاتیان جێبەجێ كراوە.

مۆدیلی سێیەم، واتە فرەكولتووری، لەگەڵ هەر دوو مۆدیلەكەی دیكە جیاوازە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی كە لەسەر بنەمای پێویستی پاڵپشتی حكومەت لە جیاوازییەكان بونیادنراوە كە دەكرێت تەرخانكردنی سەرچاوە ئامانجدار و چاكسازی دامەزراوەیی بگرێتەوە كە رەنگدانەوەی ئەو روانگەیە كە جیاوازی لە كۆمەڵگادا رەواو یاساییە. بەڵام پاراستنی كولتوور و بەها كولتوورییەكانی نابێت ببێتە هۆی پەراوێزكەوتن و دووركەوتنەوەی پێكهاتەكە لە بەشداریی تەواو لە كۆمەڵگا. ئەم سیاسەتە و روانگە ئایدیۆلۆجییەكەی پێی وایە جیاوازیی سەرمایەی كۆمەڵایەتییە و سوودی بۆ كۆمەڵگا هەیە(Hernes, p:33).

كۆمەڵگای فرەكولتوور بریتییە لە كۆمەڵگایەك كە چەند كولتوورێكی جۆاوجۆر بە هۆكاری جیاواز، بەشێوەی هاوكات لە تەنیشت یەكتر دەژین. ئاراستەی فرەكولتووری هەوڵی پێكهێنانی كارلێك، پێكەوەهەڵكردن و ئاڵوگۆڕی نێوان كولتووریی دەدات، بەچەشنێك كە كولتوورە جیاوازەكان بە كەمترین ململانێ و بەشێوەیەكی ئاشتیانە پێكەوەبژین(زادە و دیگران، 1398، ص:22). بەگشتی لە زۆربەی سەرچاوە كۆمەلناسییەكانەوە، فرەكولتووری (multiculturalism) بەوە پێناسەكراوە كە بریتییە لە سیستەمێك لە باوەڕ و رەفتارەكان كە دان بە بەشداری گرووپە جیاوازەكان لە دامەزراوە یان كۆمەڵگادا دەنێت و رێزی لێ دەگرێت، جیاوازییە كۆمەڵایەتی ـ كولتوورییەكانی بە فەرمی دەناسێت و دەیانرخێنێت و هانی بەشداربوونی بەردەوامیان دەدات لە بەستێنی كولتوورێكی گشتگیردا كە هەموو كۆمەڵگا بەهێز دەكات(Grishaeva, 2012, p:916).

### 2. 1. 1. رۆڵی پەروەردە لە پێكەوەژیانی جیاوازییەكان

مرۆڤ بووونەوەرێكی كۆمەڵایەتییەو بەدەر لە كۆمەڵگا ناتوانێت بژیت، بەڵام ئامادبوون و ژیان لە كۆمەڵگایەك كە پێشینەیەكی كولتووری، ئایینی، مێژوویی، سیاسی و كۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە، بە بێ پەروەردە ناكرێت. پەروەردەكردنی بەهرە تاكەكەسییەكان، بەهێزكردنی ژیانی بەكۆمەڵ، پەرەپێدانی ئارمانە دیمۆكراتیكەكان و دروستكردنی لێكتێگەیشتنی نێوان مرۆڤەكان لە سێبەری پەروەردەدا دەكرێت. هەرچەند كە فۆرم وەرگرتن و گەشەی كەسایەتی تاكەكانی كۆمەڵگایەك بە ناچاری وابەستەی پەروەردەو فێركردنی فەرمی نیە، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین كە بەشێكی گەورەی گەشەسەندنی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی تاكەكان لەلایەن دامەزراوەی فەرمی پەروەردەو فێركردنەوە جێبەجێ دەبێت. بۆیە پەروەردەكردنی هاووڵاتیان یەكێك لە ئامانجەكانی زۆربەی سیستەمە پەروەردەییەكانی جیهانە(Geboers and other, 2013, p:159) .

لە راستیدا، پەروەردە بە یەكێكە لە كاریگەرترین ئامرازەكانی بەرجەستەكردنی گۆڕانی كۆمەڵایەتی (promoting social change) ئەژمار دەكرێت. سیستەمی پەروەردەیی تەنها بەرپرسیاری پێشكەشكردی زانست نیە، بەڵكو وەكو هۆكاری هۆكاری سەرەكی بە كۆمەڵایەتی كردن، بەرپرسیارە لە چەسپاندنی بەهاكان، نۆرمەكان، كۆیادەوەرییەكان، ئاراستەكان، تێگەیشتنەكان و هەورەها ئامانجە كۆمەڵایەتی و نەتەوەییەكان(Vered, 2015, p:139). هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە راپۆرتی كۆمیسیونی نێونەتەوەیی پەروەردە لە سەدەی بیست و یەك بۆ یۆنیسكۆ (UNESCO) بە ناونیشانی "پەروەردە؛ گەنجی دەروون"دا هاتووە كە؛ پەروەردە لە رەوتی ژیاندا چوار كۆڵەكەی سەرەكی هەیە كە بریتین لە: فێربوونی زانین، فێربوونی جێبەجێ كردن، فێربوونی پێكەوە ژیان (learning to live together) و فێربوونی بوون. بەم پێیە یۆنیسكۆ پێكەوەژیان وەكو یەكێك لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی پەروەردە لەم سەدەیە دەست نیشان دەكات و پێی وایە كە بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە تێگەیشتنی زیاترە لە خەڵكانی دیكە و رێزگرتن لە پێكەوە بەستراوەی دوولایەنە و بەهاكانی فرەیی و تێگەیشتنی دوولایەنەو ئاشتی(UNESCO, p:37).

پێكەوەژیان وەكو هەر رەفتارێكی دیكە، بەشێوەی كۆمەڵایەتی لەلایەن دامەزراوەكانی بەكۆمەڵایەتیبوونەوە لە قۆناغی منداڵییەوە فێر دەبێت یان فێر دەكرێت(Mirzaei and other, 2016, p:29). بە كۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەكە كە تێدا مرۆڤ هاوكات لەگەڵ گەشەی جەستەییدا، فێری نۆرم و بەها كۆمەڵایەتییەكان دەبێت( گبلر، 2011، ص:94). یەكێك لە گرینگترین، كاریگەرترین و بەربڵاوترین رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان كە بەرپرسیاریەتی دەستنیشان كردن و گواستنەوەی توخمە كولتوورییەكانی بۆ نەوەی نوێی

کۆمەڵگای لە ئەستۆیە، وەزارەتی پەروەردەی وڵاتە. ئەم دامەزراوەیە دەزگایەکە کە بە سەرچەشنی گشتی دامەزراوە و ڕێکخراوە فەرمییەکانی کۆمەڵگا ئەژمار دەکرێت و لە دێر زەمانەوە ڕۆڵێکی بونیادنەر و بنەڕەتی لە مانەوەی کولتوور و شارستانیەتی مرڤدا گێڕاوە. دامەزراوەی پەروەردە لەڕووی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، ئابووری و دابین کردنی پەرەسەندی و گەشەی مرۆڤ، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بەچەشنێك کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵناسان، پەروەردە بە ئامرازی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی کۆمەڵگا پێناسە دەکەن و بە هۆکاری مانەوەی شارستانیەتەکانی دەزانن و لەو باوەڕەدان کە بڕی زانست و کارامەییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو زیادی کردوەو پەیوەندییەکانی مرۆڤ ئاڵۆزتر بووە. بە تێپەڕبوونی کات ئەمەش جۆرێکە لە پێویستی دەستێوەردانی وشیارانەی لە ڕەوتی گواستنەوەی کولتووری مرۆیی هێناوەتە ئاراوە کە لە ڕێگای دامەزراوەی پەروەردەییەوە جێبەجێ دەبێت( صافی، 2000، ص: 6-7). بەچەشنێك کە قوتابخانە ـ لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگا بەگشتی ـ بەرپرسیارە لە پەروەردەو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی کە دەست بە خوێندن دەکەن و دەتوانێت لە دروستکردنی هاووڵاتی دادپەروەردا یارمەتیدەر بێت. ئەمەش لە ڕێگا پەروەردەکردنی لە بواری دێمۆکراسی، فێرکردنی بۆ بەشداری، گوێگرتن و گفتگۆ و نوێنەرایەتی کردن ( Grau and etc, 2016: 137).

دامەزراوە پەروەردەییەکان بەگشتی بە دڵی کۆمەڵگا ئەژمار دەکرێن و بە هۆکاری سەرەکی بەکۆمەڵایەتیبوون دادەنرێن. قوتابخانە دەتوانێت کاناڵێکی گرینگی بەهێز کردنی هاوبەندی کۆمەڵایەتی (Social Cohesion)و گرینگیدان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیی نێوان کولتوورەکان، ئایینەکان و کەمایەتییەکان بێت. هەروەها سیستەمی پەروەردە، دامەزراوەیەکی گشتییە کە دەتوانێت پرۆسە کراوەو بە بەشدارییەکان (participatory) دروست بکات کە لە ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەتوانێت کاریگەریی دابنێت. بەڵام ئەگەر سیاسەتی پەروەدەیی هەستیار نەبێت لەسەر پرسی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی بەشداری پێکردنی لایەنە جیاوازەکان نەگرێتەبەر، دەکرێت ببێتە هۆی دروستکردنی جیاوازیی و نامۆبوون و یارمەتی نادادپەوەریی و توندوتیژی بدا (Berns, 2005, p:3).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تاوتوێکردنەی کە لەسەرەوە کرا، لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخرێتە سەر سێ ڕەهەندی پێکەوەژیان کە بەگوێرەی لێدانەوە تیۆرییەکان، پەروەردە فاکتەری سەرەکییە لە بونیادنانیاندا، ئەوانەش بریتین لە:

### أ. دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی:

زۆربەی توێژینەوەکان نیشان دەدەن کە "بۆ ناسینی ئاشتی پێویستە سەرەتا توندوتیژی بناسین" بە واتایەکی دیکە، ناوەندەکانی توێژینەوەی ئاشتی و ناکۆکی پێیان باشە لە ڕۆڵ و پێگەی ناکۆکی نێوان تاکەکان، گرووپەکان و خەڵك تێبگەن و لە ڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی جۆراوجۆری توێژینەوە، ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن. هەروەها ئەم ناوەندانە باوەڕیان بەو بەهایانە هەیە کە دەڵێت؛ مافی مرۆڤ و ئاسایشی مرۆیی مافێکی جیهانگیرن و بەشێکی گرینگ لە مێژووی مرۆڤایەتی ئاشتیانە و بێ توندوتیژی بووە. گالتۆنگ پێی وابوو کە ئاشتی دەکرێ ئەرێنی یان نەرێنی بێت؛ ئاشتی نەرێنی بە واتای "نەبوونی توندوتیژی" و ئاشتی ئەرێنی "بە واتای پێکەوەژیان و دادپەروەرییە لە پەیوەندییە مرۆییەکان"دا(Galtung, 1996, p:9-14). بۆیە قۆنانی یەکەم لە پێکەوە ژیان بریتییە لە نەبوونی توندوتیژی، بەڵام ئەمە تەواوی پێکەوەژیان نیە، بەڵکو پێویستی بە هەنگاوی دیکەشە کە لە خوارەوە تاوتوێ دەکرێت.

### ب. دانپێدانان

یەکێك لە بنەماکانی پێکەوەژیان بریتییە لەوەی کە پێویستە مافی هەر کەسێك بۆ جیاوازبوون بە فەرمی بناسرێت و ئەم دانپێدانانە نابێت ببێتە هۆی هەڵاواردن و جیاوایدانان لە مافدا. پێکەوەژیان پێویستی بە لێکدابڕان و دوورکەوتنەوە لە پرنسیپ و بنەماکانی پێکهاتەکان نیە، بەڵکو بریتییە لە پێداگری لەسەر تێگەیشتنی کراوە، پەرەپێدان بە خاڵە هاوبەشەکان، ئیدارەدانی خاڵە ناکۆکەکان و جیابیربوون بە عەقڵیەتێکی شارستانیانەوە، کە ئەمە دەبێتە هۆی بونیادنانی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان مافی جیاوازبوون و لە هەمان کاتدا پێویستی یەکسانبوون و هەر چەشنە کەموکورتییەك لەم هاوکێشەیەدا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە پێکەوەژیان لە هەر کۆمەڵگایەك و وڵاتێك( Hasan and Matar, 2023, p:888). بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە کۆمەڵە کەرەستەیەکی پەوەردەیی و

فێرکاری لەخـۆ دەگرێت کە کولتووری پێکەوەژیانی جیاوازییەکـان (رەگەزی، ئاینی، کولتووری، نەتەوەیی و نەژادی) بە فەرمی دەناسێت، بەڵام " پێویستی بە پرۆسەیەکی بەشداری ئەرێنی و چالاکە کە تێدا هانی گفتگۆ بدرێت و ناکۆکییەکان لە چوارچێوەی گیانی هاریکاری و تێگەیشتنی دوولایەندا چارەسەر بکرێت"(UN, 1999, p:1 ).

یەکێك لە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە لە چوارچێوەی فرەکلتووریدا تیشك دەخاتە سەر دانپێدانان، بریتییە لە "سیلا بن حەبیب" کە لە کتێبی "خواستە کولتوورییەکان: یەکسانی و جیاوازیی لە سەردەمی جیهانیدا" دا ( The claims of culture : equality and diversity in the global era) پێداگری لەسەر دانپێدانان بە کولتوورە جیاوازەکان دەکاتەوە و پێی وایە وێکچوون و جیاوازیی (لەوانەش جیاوازیی کولتووری) کۆمەڵێ پرسی سیاسین کە لە هەموو سەردەمێکدا بوونی هەبووە. لە روانگەی "بن حەبیت"ەوە دانان بە جیاوازییە کولتوورییەکان و پاراستنی مافی کەمینە ئاینی و ئێتنیکی و کولتوورییەکان فاکتەرێکی گرینگە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراسی و گەشەسەندوو( Benhabib, 2002,p:108-109).

### ت. بەشداریی پێکهاتەکان

لەسـەر بنەمای کاری فریزەر (Fraser)، ئەتوانین باس لە رۆڵی پەروەردە لە پرۆسـەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکەین. فریزەر پێی وایە کە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە پێویستی بە " هاوسەنگی لە بەشدایکردن" (parity of participation) هەیە. هەروەهـا پێی وایە کە بۆ دڵنیابوونەوە لە " بەشـداری هاوسـەنگ، وەکـو هـاوبەشی تەواو لە کـارلێکی کۆمەڵایەتیدا"، پێویسـتە چارەسەری ئابووری دابەشکردنەوەی دووبارەی سەرچاوەکان و دەرفەتەکان رەچاو بکرێت و هەروەها رێگاچارەی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری بۆ بە دانپێدانانی باشتر و نوێنەرایەتی کردنی سیاسی جێبەجێ بکرێت. هەروەها پێویست بە پرۆسەی ئاشتی دەکات بۆ ئەوەی تاوتوێی گرژییەکـان، ناڕزایەتییەکـان و ناعەدالەتیە مێژوویی و هەنووکەییەکـان بکرێت و کۆمەڵگـایەکی ئاشـتیانە جێگیر بێت(Mieke and other, 2017, p: 24).

### 2. 2. توێژینەوەکانی پشوو:

پەیوەنـدیی نێـوانی پەروەردەو کۆمەڵگا یەکێـك لەو بابەتـانەی کە سـەرنجی بەشـێك توێـژەرانی بـۆلای خـۆی راکێشـاوەو لەم پەیوەنـدییەدا توێژینەوەیـان کـردوە. لە هەرێمـی کوردسـتان چەنـدین توێـژینەوە بە ئاراسـتەی چۆنایەتیـدا ئەنجـام دراون کە یەکێـك لەوانە؛ توێـژینەوەی "بیـدار" و "عبـدالرحمن"ە بە ناونیشـانی "پێکەوەژیانی ئاشـتیانەی نێـوان ئاینەکـان لە هەرێمـی کوردسـتانی عـێراق" کە لە سـاڵی (2022) لە گۆڤـاری زانکـۆی تکریت بۆ زانسـتە مرۆییەکـان (JTUH) بڵاوکـراوەتەوە. ئامـانجی ئەم توێـژینەوەیە بـریتییە لە خســــتنەڕووی گــرینگی پێکەوەژیـان لە هاوبەنـدی کۆمەڵگـــا و رۆڵـی دەقە ئاینییەکـــان بە جەخـــت کـــردن لەســـەر ئـاینی ئیســـلام. بـۆ ئەم مەبەســـتە توێـژەران ئاماژەیـان بەوە کـردوە کە ســـوودیان لە میتـۆدی ( اسـتقرائی) و ( اسـتنباطی) و هەروەهـا میتـۆدی شـیکاری وەرگـرتوە. ئەم توێژینەویە بەو ئەنجـامە گەیشـتوە کە هەرێمـی کوردسـتان هەوڵـی جیـگیر کـردنی مـافە دەسـتیوورییەکانی هەمـوو پێکهاتەکـان دەدات و بەشـداری نـوێنەرانی نەتەوەو ئاینەکـان یارمەتیـدەری پێکەوەژیـانی ئاشـتیانەیە و هەروەهـــا ئیســـلامیش وەکـــو ئـاین هـــانی ئەم پێکەوەژیـانەو دوورکەوتنەوە لە پەرگیری و توندوتیژی دەدات (بیدار و عبدالرحمن، 2022).

توێـژینەوەیەك لەلایەن "میهـایلا ڤۆینا" (Mihaela Voinea) لە سـاڵی (٢٠١١) ئەنجامـداوە بە ناونیشـانی " رۆڵـی پەروەردەی نێوان کولتـووری لە دەستنیشـان کـردنی سیسـتەمە بەهاییەکانی تاك". ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەسـت نیشـان کـردنی کـاریگەریی پەروەردەی فـرەکولتوور لەســەر سیســتەمە بەهاییەکـان لە کۆمەڵگـای پۆسـت مۆدێرنـدا لە نێـوان گەنجـان و بە تەمەنەکانـدا. بەو ئەنجـامە گەیشـتوە کە پەروەردەی فـرەکولتووری رۆڵێـکی یەکلاکەرەوەی لە فـۆرم پێـدان و پەسند کردنی سیستەمی بەهای تاك دا هەیە. (Voinea, 2011)

یەکێـکی دیـکە لەو توێـژینەوانە بە ناونیشـان "پەروەردەی ئاشـتیانە لە پراکتیـکدا؟ توێـژینەوەی بـاری پەروەردەی ئاشـتیانە لە بریتانیـا"، لەلایەن "نۆریکـۆ سـاکادا"وە لە سـاڵی (2009) پێشـکەشی زانکـۆی بیرمینگـام کـراوە وەکـو بەشـێك لە

پێداویستییەکانی خوێندنی دکتۆرا. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە تێڕوانینێکی راستەقینە لە چۆنیەتی پراکتیزە کردنی پەروەردەی ئاشتیانە لە وڵاتانی تارادیە سەقامگیردا. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی چۆنایەتی ئەنجام دراوەو توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتا سوودی لە چاوپێکەوتنی نیمچە داخراو و تێبینی بە بەشداریکردن وەرگرتوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە دامەزراوەی "پرۆژەی پەروەردەی ئاشتیانەی وێست میدلاند کوارکێر"( West Midlands Quaker Peace Education Project) کە کاری پەرەپێدانی پەروەردەی ئاشتیانەیە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچەی میدلاندنی رۆژئاوا (West Midlands) دەکات. هەروەها قوتابخانەیەکی بنەڕەتی (٢٠٠) کەس کە چەند ئەتیکێکی جیاوازی تێدایەو ئەم دامەزراوەیە تێدا چالاکە. نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بوە لە (٧) بەڕێوەبەری پرۆژە لە دامەزراوەکەو (٣٠) قوتابی لە قوتابخانەکە (Sakade, 2009).

توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی" لە ساڵی (٢٠١٦) لەلایەن (حسین میرزایی، توکل آقایاری هیر، خاطره حیدر نژاد و لالە فتحی) لە گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی فیردۆسی مەشهەد لە ئێران بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکە لە جۆری رووپێوی کۆمەڵایەتییە و لە ڕێگای پرسیارنامەوە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە داتا کۆکراوەتەوە کە کۆمەڵگای ئامارییەکەی بریتی بووە لە خوێندەکارانی کچ لە قۆناغی ناوەندی و پێش زانکۆ کە (٥٨٦٦) کەس بوونەو لەو ژمارەیە (٣٦٠) کەس بەشێوەی هێشووی دەستنیشان کراون و داتاکانی تاوتوێ کراوە. لە ئەنجامدا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتوە کە ئاستی پێکەوەژیان لە ناوەڕاست بەرزترەو هەروەها پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری راستەوانە لە نێوان پێکەوەژیان لەگەڵ سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە بڕی (0.305) و پەیوەندیی خێزانی بە بڕی (0.134) و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بە بڕی (0.359) هەیە. بەڵام بە گوێرەی پێشینەی خێزانی، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاراندا بەدی نەکراوە. (میرزایی و دیگران، 2016)

## 3. میتۆدی، کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەکە

### 3. 1. میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وەسفی بە ڕێگای نموونە وەرگرتن کە بە سوود وەرگرتن لە پێوەری تایبەت بە هەر یەك لە گۆڕاوەکان جێبەجێ کراوە.

### 3. 2. کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژیینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی (9)ی بنەڕەتی لە هەر چوار نەتەوەی کورد، عەرەب، تورکمان و سریانی لە پەروەدەی عەنکاوە و ناوەندی هەولێر.

خشتەی (1) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| پێکهاتە | کوڕ | کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| سریانی | 113 | 200 | 313 |
| تورکمانی | 90 | 62 | 152 |
| عەرەبی | 202 | 529 | 731 |
| کورد | 2065 | 1909 | 3974 |
| کۆی گشتی | 2470 | 2700 | 5170 |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

نموونەی توێژینەوەکە هەڕەمەکی چینایەتی نارێژەییە (disproportionate stratified sampling). لەم شوازەی نموونە وەرگرتندا ئەو نموونانەی کە لە هەر گرووپێك هەڵیدەبژێرین یەکسان نیە بە رێژەی گرووپەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، ئەمەش کاتێك بەکاردێت کە بمانەوێت بەراورد بکەین لە نێوان ئەو پێکهاتانەی کە مەبەستەکانە، بۆیە لەم توێژینەوەکەیەدا لە هەر یەك لە

پێکهاتەکان (کورد، تورکمان، سریانی، عەرەب) نموونەیەکی (100) کەسی وەرگیراوە کە کۆی گشتییەکەی بریتیە لە (400) کەس و هەروەها هاوسەنگی رەگەزیی رەچاوکراوە، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

خشتەی (2): رەگەز و باری ئیتنیکی نموونەکە روون دەکاتەوە


| ئیتنیك / رەگەز | کورد | عەرەب | توکمان | سریانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 41 | 56 | 54 | 60 | 211 |
| مێ | 59 | 44 | 46 | 40 | 189 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | 100 | 100 | 400 |

### 3. 3. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە (پەروەردە، شوناس و پێکەوەژیان) سێ پێوەری سەرەکیمان بونیادنا کە هەنگاوەکانی بونیادنانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

### 3. 3. 1. بونیادنانی پێوەرەکان

بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە بە سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری، توێژینەوەکانی پێشوو و رای شارەزایان، پێوەرەکانمان بەشێوەی سەرەتایی دارشت، پاشان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەر یەك لە پێوەرەکان بەشێوەی ئاماری بارستایی (Load)ی پێویستیان لەگەڵ رەهەندەکەی هەیە، سوودمان لە شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە ( conformity factor analysis – CFA) وەرگرت. بۆ ئەم مەبەستە برگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرد. دوای سڕینەوەی ئەو برگانەی کە باری ئاماری پێویستیان نەبوو پێوەرەکانمان مەرجەکانی فیتبوونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (CFI=0.911)، (RAMSEA= 0.054)، (AGFI=0.801)، (IFI= 0.912) وەکو لە خشتەی (3) دەردەکەوێت.




وێنەی (1): شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (confirmatory factor analysis – CFA) نیشان دەدات

خشتەی (3): مەرجەکانی شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاتکراوە (CFA) نیشان دەدات

| مەرجانی فیتبوون Fitting Index | RMSEA | CMIN/DF | PNFI | AGFI | PCFI | IFI | CFI |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خاڵی وەرچەرخان Cut value | ≤ 0.08 | ≤ 3 | ≥ 0.60 | ≥ 0.80 | ≥ 0.60 | ≥ 0.90 | ≥ 0.90 |
| دۆخی مۆدیلەكە | 0.054 | 2.177 | 0.773 | 0.801 | 0.830 | 0.912 | 0.911 |

### 3. 2. 2. راستیەتی و جێگیری پێوەرەكان

پاش ئەنجامدانی شیكردنەوەی فاكتەری پشتڕاستكراوە (CFI) بەمەبەستی دڵنیایی لە راستیەتی و جێگیری ( Validity and Reliability) پێوەرەكان، راستیەتی یەكانگیری ( Convergent validity) و جێگیری پێكهاتەی (composite reliability) بۆ پێوەرەكان دەرهێنرا. جێگیری پێكهاتەی رێگایەكی پێوانە كردنی گونجانی نێوخۆیی برگەكانی پێوەرەكەیە كە هاوشێوەی ئەڵفای كرۆنباخە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەڵفای كرۆنباخ كە هەموو برگەكان بە گرینگی یەكسانەوە داخل دەكرێت، لە جێگیری پێكهاتەییدا، ئەو برگانەی كە بارستایی (Loading) زیاتریان هەیە، گرینگی زیاتریان هەیە، ئەمەش وادەكات كە بەهای جێگیری پێكهاتەی وردتر بێت لە ئەڵفای كرۆنباخ (وەكو لە خشتەی 4 دا خراوەتەڕو).

سەبارەت بە راستیەتی پێوەرەكەكان: بەهای راستیەتی (رەهەندەكانی پابەندبوون بە نۆرمەكان، بەشداری كۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی) بریتییە لە (0.47) كە بە ئاستێكی پەسندكراو دادەنرێت و هەروەها لە رەهەندی متمانەی كۆمەڵایەتیدا، (AVE=0.54) كە ئەمەش بە ئاستێكی گونجاو لە راستیەتی ئەژمار دەكرێت. لە پێوەری شوناسی كۆمەڵایەتیدا بەهای (AVE=0.67) كە بە ئاستێكی باش لە راستیەتی ئەژمار دەكرێت. لە پێوەری پێكەوەژیاندا ئەم بەهایە بۆ دووركەوتنەوە لە توندوتیژی بریتییە لە (0.73)، بۆ دانپێدانان بریتییە لە (0.60) و هەروەها بۆ بەشداری پێكهاتە جیاوازیەكان بریتییە لە (0.58) كە بە ئاستێكی باش لە راستیەتی بە رێگای یەكانگیری ئەژمار دەكرێت.

سەبارەی بە جێگیری پێوەرەكە: وەكو لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت، لە هەر سێ پێوەرەكەدا، بەهای (CR) لە نێوان (0.812 ـ 0.978) دایە، كە ئەمەش بە ئاستێكی بەرزی جێگیری پێكهاتەی (composite reliability) ئەژمار دەكرێت.

خشتەی (4): جێگیری پێكهاتەی پێوەرەكان نیشان دەدات

| پێوەر | رەهەند | بەهای جێگیری (CR) | بەها راستیەتی یەكانگیری (Convergent Validity - AVE) |
|---|---|---|---|
| پێوەری پەروەردە | پابەندبوون بە نۆرمەكان | 0.812 | 0.47 |
| | بەشداری كۆمەڵایەتی | 0.841 | 0.47 |
| | متمانەی كۆمەڵایەتی | 0.838 | 0.54 |
| | بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی | 0.815 | 0.471 |
| پێوەری شوناس | | 0.925 | 0.67 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێوەری پێکەوەژیان | دووركەوتنەوە لە توندوتیژی | 0.932 | 0.73 |
| | دانپێدانان | 0.978 | 0.60 |
| | بەشداری پێکهاتە جیاوازەکان | 0.973 | 0.58 |

### 3. 2. 3. نۆرماڵیتی داتاکان

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی داتاکان بە نموونەی گەورە ئەژمار دەکرێت (گەورەترە لە ٢٠٠ یەکە و هەروەها لە پرۆگرامی ئامۆسدا (Maximum Likelihood Estimator – MLE) بەکارهاتوە، بەهای لاربوونەوە (skew) لە نێوان (±2) و هەروەها بەهای قوپاو دەکەوێتە نێوان (±10) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە داتاکانمان بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبوونەوەو ئەتوانین سوود لە ئاماری پارامێتریکاڵ وەربگرین. (وەکو لە خشتەی 5 دەبینرێت)

خشتەی (5): دابەشبوونی داتاکان نیشان دەدات

| گۆڕاو | نزمترین دەرجە | بەرزترین دەرجە | Skew | kurtosis |
|---|---|---|---|---|
| بەشداری کۆمەڵایەتی1 | 1 | 5 | -0.596 | -0.435 |
| بەشداری کۆمەڵایەتی3 | 1 | 5 | -0.548 | -0.44 |
| بەشداری کۆمەڵایەتی4 | 1 | 5 | -0.552 | -0.38 |
| بەشداری کۆمەڵایەتی5 | 1 | 5 | -0.6 | -0.406 |
| بەشداری کۆمەڵایەتی6 | 1 | 5 | -0.669 | 0.012 |
| داپێدانان برگەی 1 | 1 | 5 | -0.842 | 0.464 |
| داپێدانان برگەی 2 | 1 | 5 | -1.264 | 1.29 |
| داپێدانان برگەی 3 | 1 | 5 | -0.827 | 0.459 |
| داپێدانان برگەی 4 | 1 | 5 | -0.885 | 0.177 |
| داپێدانان برگەی 6 | 1 | 5 | -1.143 | 0.887 |
| دووکەوتنەوە لە توندوتیژی برگەی 1 | 1 | 5 | -0.753 | -0.411 |
| دووکەوتنەوە لە توندوتیژی برگەی 2 | 1 | 5 | -0.514 | -0.501 |
| دووکەوتنەوە لە توندوتیژی برگەی 3 | 1 | 5 | -0.538 | -0.473 |
| دووکەوتنەوە لە توندوتیژی برگەی 4 | 1 | 5 | -0.415 | -0.818 |
| دووکەوتنەوە لە توندوتیژی برگەی 5 | 1 | 5 | -0.425 | -0.818 |
| شوناس برگەی 7 | 1 | 5 | -0.213 | -1.059 |
| شوناس برگەی 5 | 1 | 5 | -0.211 | -1.017 |
| شوناس برگەی 4 | 1 | 5 | -0.072 | -1.006 |
| شوناس برگەی 3 | 1 | 5 | -0.147 | -1.068 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -0.944 | -0.14 | 5 | 1 | شوناس بڕگەی 2 |
| -1.048 | -0.43 | 5 | 1 | شوناس بڕگەی 1 |
| 0.39 | -0.881 | 5 | 1 | متمانەی کۆمەڵایەتی بڕگەی 6 |
| 0.169 | -0.777 | 5 | 1 | متمانەی کۆمەڵایەتی بڕگەی 4 |
| 0.548 | -0.901 | 5 | 1 | متمانەی کۆمەڵایەتی بڕگەی 3 |
| 0.316 | -0.768 | 5 | 1 | متمانەی کۆمەڵایەتی بڕگەی 2 |
| -0.021 | -0.76 | 5 | 1 | متمانەی کۆمەڵایەتی بڕگەی 1 |
| 0.593 | -0.765 | 5 | 1 | بەرپرسیاریەتی بڕگەی 5 |
| -0.18 | -0.638 | 5 | 2 | بەرپرسیاریەتی بڕگەی 4 |
| 1.084 | -0.982 | 5 | 1 | بەرپرسیاریەتی بڕگەی 3 |
| 0.307 | -0.876 | 5 | 1 | بەرپرسیاریەتی بڕگەی 2 |
| -0.43 | -0.677 | 5 | 1 | بەرپرسیاریەتی بڕگەی 1 |
| 0.342 | -0.944 | 5 | 1 | بەشداری بڕگەی 6 |
| 0.806 | -1.128 | 5 | 1 | بەشداری بڕگەی 5 |
| 0.18 | -0.979 | 5 | 1 | بەشداری بڕگەی 4 |
| 0.107 | -1.018 | 5 | 1 | بەشداری بڕگەی 3 |
| 0.697 | -1.112 | 5 | 1 | بەشداری بڕگەی 2 |
| 1.744 | -1.377 | 5 | 1 | بەشداری بڕگەی 1 |
| -0.38 | -0.748 | 5 | 1 | پابەندی بە نۆرمەکان5 |
| 0.817 | -0.97 | 5 | 1 | پابەندی بە نۆرمەکان4 |
| 0.478 | -0.957 | 5 | 1 | پابەندی بە نۆرمەکان3 |
| 0.157 | -0.832 | 5 | 2 | پابەندی بە نۆرمەکان2 |
| 0.591 | -1.139 | 5 | 1 | پابەندی بە نۆرمەکان1 |
| 384.085 | | | | Multivariate |

## 4. تاوتوێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە


بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە نێو پرۆگرامی ئامۆسدا ( AMOS – Analysis Moment Structures) سوودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە رەچەڵەکی رگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە رگرسیونییەکان جێبەجێ بکات (Radha and Ahmed, 2019, P. 227) و کاریگەرییە راستەوخۆ و ناڕاوستەوخۆکان دەست نیشان بکات (Saeed and etc, 2023, P. 5).

**4. 1. کاریگەری پەروەردە و رەهەندەکانی لەسەر پێکەوەژیان:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە دەرهێنانی کاریگەری پەروەردە بە هەر چوار رەهەندەکەیەوە لەسەر پێکەوەژیان. بۆ ئەم مەبەستە داتاکانمان بەگوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگۆامی ئامۆس (AMOS) پێناسەکرد (بڕوانە مۆدیلی ۱) و ئەنجامەکانمان دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت، پەروەردە بڕی (0.543) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). ئەم کاریگەرییە لە جۆری راستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە پەوروەردە بڕی (0.543)

لادانی پێوەری پێکەوەژیان زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی راستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە پەروەردە، بڕی (0.543) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە پێکەوەژیان دروست دەبێت.

خشتەی (6): کاریگەری پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان نیشان دەدات

| P-Value | بڕی کاریگەری | گۆڕاوی سەربەخۆ |
|---|---|---|
| 0.000 | 0.543 | پەروەردە ---> پێکەوەژیان |





مۆدیلی (١): کاریگەری پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان نیشان دەدات

بە مەبەستی تاوتوێ کردنی هەر یەك لە رەهەندەکانی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان مۆدیلی (٢) تاقیکرایەوە کە وەکو خشتەی (7) نیشان دەدات؛

- پابەندبوون بە نۆرمەکان بڕی (0.375) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیان دروست دەکات، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە راستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەرە لادانێکی پێوەری لە رەهەندی پابەندبوون بە نۆرمەکان بڕی (0.375) لادانی پێوەری پێکەوەژیان بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەکەشی راستە.

- رەهەندەکانی دیکە (بەشداری کۆمەڵایەتی، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و متمانەی کۆمەڵایەتی) بەشێوەی سەربەخۆ و کاریگەری بەڵگەداری ئامارییان لە پێکەوەژیان نەبوو ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05).

وەکو لە سەرەوە دەردەکەوێت؛ تەنها پابەندبوون بە نۆرمەکان کە گرینگترینیان یاساکانن، بە تەنیا کاریگەری لەسەر پێکەوەژیان هەیە و رەهەندەکانی دیکە بە تەنها کاریگەریان نیە، ئەمەش نیشان دەدات کە پەروەردە پێویستە وەکو یەك پاکێج پێکەوە بە هەر چوار رەهەندەکەیەوە ئاراستەی خوێندکار بکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر پێکەوەژیانی کولتووری لە نێوان خوێندکاراندا هەبێت.




مۆدیلی (٢):کاریگەری ڕەهەندەکانی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان نیشان دەدات

خشتەی (7): کاریگەری ڕەهەندەکانی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان نیشان دەدات

| P-Value | بڕی کاریگەری | گۆڕاوی سەربەخۆ |
|---|---|---|
| 0.000 | 0.375 | پابەندبوون بە نۆرمەکان ---> پێکەوەژیان |
| 0.848 | -0.020 | بەشداری کۆمەڵایەتی ---> پێکەوەژیان |
| 0.270 | 0.076 | بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ---> پێکەوەژیان |
| 0.125 | 0.065 | متمانەی کۆمەڵایەتی ---> پێکەوەژیان |

**4. 2. بە مەبەستی وردی زیاتر لە مۆدیلەکە**، ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی ڕەگەز و پێکهاتەمان لەسەر ئەنجامەکان دەرهێنا. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بنەمانی ڕەگەز (نێر و مێ) و پێکهاتە (کورد، تورکمان، عەرەب و سریانی) داتاکانمان لەسەر مۆدیلەکە بار (Load) کردو ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد کە وەکو لە خوارەوە دەردەکەوێت:

**4. 2. 1. ڕەگەز:** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت؛ لە هیچ یەك لە هێڵە ڕێگرسیۆنییەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەها (z-score) نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری.

خشتەی (8): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکان نیشان دەدات

| z-score | مێ | | نێر | | گۆڕاوی سەربەخۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | |
| 0.332 | 0.000 | 0.412 | 0.013 | 0.354 | پەروەردە <------- پێکەوەژیان |
| 0.699 | 0.110 | 0.241 | 0.147 | 0.121 | پابەندبوون بە نۆرمەکان <--- پێکەوەژیان |
| 0.183 | 0.767 | 0.059 | 0.384 | 0.102 | بەشداری کۆمەڵایەتی <--- پێکەوەژیان |
| 0.242 | 0.874 | 0.016 | 0.851 | -0.016 | بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی <--- پێکەوەژیان |
| 0.066 | 0.180 | 0.076 | 0.117 | 0.071 | متمانەی کۆمەڵایەتی <--- پێکەوەژیان |

**2 .2. پێکهاتە:** وەکو لە خشتەی (9) دەردەکەوێت؛ هەرچەند کە لە نێوان ژمارەکاندا جیاوازییەك لە نێوان پێکهاتەکاندا بەدی دەکرێت لە هەموو هێڵە ڕێگرسیونییەکاندا، بەڵام بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەم جیاوازیيانە لەڕووی ئامارییەوە بەڵگەدارن یان نا، پەیوەندیی نێوان هەموو پێکهاتەکان بەشێوەی دووبەدوو بەراوردکرا کە وەکو لە خشتەی (10) دەردەکەوێت، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هیچ یەك لە پێکهاتەکاندا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەهای (z-score) لە هیچ یەك لە هێڵە ڕێگرسیونییەکان و لە پەیوەندیی نێوان هیچ یەك لە پێکهاتەکاندا نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری.

خشتەی (9): بەراوردی هێڵە ڕێگرسیۆنییەکان لە نێوان پێکهاتەکان دەکات

| عەرەب | | سریانی | | تورکمان | | کورد | | گۆڕاوی سەربەخۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | |
| 0.35 | 0.420 | 0.037 | 0.270 | 0.016 | 0.494 | 0.16 | 0.357 | پەروەردە <------- پێکەوەژیان |
| 0.074 | 0.200 | 0.164 | 0.267 | 0.022 | 0.363 | 0.248 | 0.303 | پابەندبوون بە نۆرمەکان <--- پێکەوەژیان |
| 0.619 | 0.055 | 0.949 | -0.019 | 0.720 | 0.042 | 0.407 | 0.329 | بەشداری کۆمەڵایەتی <--- پێکەوەژیان |
| 0.445 | 0.061 | 0.596 | -0.079 | 0.567 | 0.063 | 0.139 | 0.272 | بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی <--- پێکەوەژیان |
| 0.549 | 0.030 | 0.342 | 0.072 | 0.852 | -0.011 | 0.512 | 0.174 | متمانەی کۆمەڵایەتی <--- پێکەوەژیان |

خشتەی (10): ئاستی (z-score) لە بەراوردی نێوان پێکهاتەکان نیشان دەدات


| بەراوردی پێکهاتەکان | ئاستی گشتی پەروەردە | پابەندی بە نۆرمەکان | بەشداری کۆمەڵایەتی | بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی | متمانەی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد و تورکمان | 0.543 | 0.195 | 0.897 | 0.971 | 0.601 |
| کورد و عەرەب | 0.255 | 0.362 | 0.933 | 1.052 | 0.754 |
| کورد و سریانی | 0.439 | 0.112 | 0.633 | 1.481 | 0.890 |
| تورکمان و عەرەب | 0.259 | 0.839 | 0.083 | 0.018 | 0.535 |
| تورکمان و سریانی | 0.922 | 0.387 | 0.193 | 0.767 | 0.872 |
| عەرەب و سریانی | 0.629 | 0.301 | 0.237 | 0.827 | 0.463 |

## 4. 3. دەستنیشان کردنی رۆڵی شوناسی کۆمەڵایەتی وەکو نێوەندگیر

لە مۆدیلی سێیەمدا رۆڵی گۆڕاوی شوناسی کۆمەڵایەتیمان وەکو گۆڕاوێکی نێوەندگیر لە مۆدیلەکە زیاد کرد تاکو بزانین ئایا پەروەردە لە رێگای دروستکردنی شوناسێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ تاك، کاریگەری لەسەر پێکەوەژیان دروست دەکات؟ وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت لەم مۆدیلەدا پەروەدە بڕی (0.524) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری بەشێوەی راستەوخۆ لەسەر پێکەوەژیان هەیەو هەروەها بڕی (0.068) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لە رێگای شوناسەوە لەسەر پێکەوەژیان هەیە. بەسەرنجدان بەوەی کە کاریگەرییە راستەوخۆی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان بە بەڵگەداری ماوەتەوە بەڵام کەمی کردووە هەروەها کاریگەری ناڕاستەوخۆی لە رێگا شوناسەوە هەیە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە شوناسی رۆڵی نێوەندگیرێکی بەشەکی (Partial mediation) دەبینێت لە نێوان پەروەردەو پێکەوەژیاندا.

خشتەی (11): رۆڵی گۆڕاوی شوناس وەکو نێوەندگیر دەخاتەڕوو

| | کاریگەری راستەوخۆ | | کاریگەر ناڕاستەوخۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | جۆری نێوەنگیری |
| پەروەردە --> پێکەوەژیان | 0.524 | 0.000 | 0.068 | 0.002 | نێوەندگیری بەشەکی Partial mediation |




مۆدیلی (٣): رۆڵی گۆڕاوی شوناس وەکو نێوەندگیر دەخاتەڕوو

### 5. دەرەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر بە چەند دەرەنجامێك گەیشتوە کە لێرە دەیخاتەڕوو و هەروەها چەند پێشنیارێك بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتەڕوو:

#### 5. 2. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە: گرینگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەمر توێژینەوە پێی گەیشتوە بریتییە لەوەی کە:

- پەروەردە وەکو پاکێجێك بە هەموو رەهەندەکانیەوە کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر پێکەوەژیان لای هەموو پێکهاتەکان هەیە. بەڵام بەشێوەی جیاجیا تەنها نۆمە فەرمییەکان کە زیاتر خۆیان لە یاساکاندا دەبینەوە کاریگەرییان لەسەر پێکەوەژیان هەیە، ئەمەش نیشان دەدات کە پێویستە پەروەردە وەکو یەك پاکێج بێت و لەلایەن دامەزراوە پەروەدەییەکانەوە بە وردی ئاراستەی قوتا بیان بکرێت.

- پەروەردە کاریگەرییەکی هاوشێوەی لەسەر رەگەزە جۆاوجۆرەکان (نێر و مێ) و پێکهاتەکانی (کورد، عەرەب، تورکان و سریانی) هەیە.

- شوناسی کۆمەڵایەتی رۆڵی نێوەندگیری دەگێرێت لە نێوان پەروەردەو پێکەوەژیاندا، بۆیە گرینگیدان بە شوناسی کۆمەڵایەتی کە رەهەندی کوردستانی هەبێت و بتوانێت بەهای هاوبەش دروست بکات گرینگییەکی تایبەتی هەیە بۆ پێکەوەژیانی قوتابیان.

#### 5. 2. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

بە لەبەرچاو گرتنی ئەنجام و دەرەنجامەکانی سەرەوە، توێژەران چەند پێشنیارێك بۆ وەزارەتی پەروەردە دەخەنەڕوو کە بریتین لەمر خاڵانەی خوارەوە:

- راهێنانی بە پەروەردەکاران بکرێت بۆ ئەوەی رەهەندەکانی پەروەردە (پابەندبوون بە نۆرمەکان، متمانەی کۆمەڵایەتی، بەشداری و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی) وەکو بەشێك لە پرۆسەی پەروەردەدا لە ناخی قوتابیاندا جێگیر بکەن.

- وەزارەتی پەروەردە لە مەنهەجەکانی خوێندن و هەروەها لە پەیڕەوەی شاراوەدا، رۆڵی شوناسی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرێت و هانی مامۆستایان بدات بۆ دوورکەوتنەوە لە گوتاری نانیشتمانی کە ببێتە هۆی بریندار کردنی شوناسی پێکهاتەیەك.

### 5- لیستی سهرچاوهکان :

#### بهزمانی کوردی:


- صافی، احمد(1398). سازمان و قوانین آموزش و پرورش ایران، چاپ هشتم. تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت).

- گبلر، جی (2011). جامعەشناسی، ترجمە: مهدی شفقتی، تهران؛ آوند دانش.

- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماڵپەرەی وەزارەتی پەروەردە، بەردەستە لە [ https://gov.krd/moe/] وەرگیراوە لە [ 2022/7/5].

- میرزایی، حسین و آقایاری هیر، توکل و حیدرنژاد خاطره و فتحی لاله (2016). سرمایه اجتماعی و همزیستی اجتماعی (مورد مطالعه: دانس آموزان دختر دوره پیش دانشگاهی شهر تبریز 1390)، مجله علم اجتماعی دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد. ص ص 131 ـ 148.

- مصطفی زاده، اسماعیل و دیگران( 1398)." ضرورتهای آموزش چند فرهنگی و واکاوی عناصرو مؤلفه های تعلیم و تربیت چند فرهنگی"، پژوهش در برنامه ریزی درسی سال شانزدهمر، دور دو ، شمار 33 ، صفحات 20-35.

- - هاشمی، سید جلال و پاك سرشت، محمد جعفر و صفایی مقدمر، مسعود و سپاسی، حسین و مهر علی زاده، یدالله (٢٠١٠)، تعلیم و تربیت در راستای همزیستی مسالمت آمیز عادلانه: بررسی هدفی تربیتی، مجله علوم تربیتی دانشگاه شهید چمران اهواز، دورەی ششمر، سال ١٧ ـ ٢، شماره ١، ص ص ٣ ـ ٣٦.

- بیدار، ئادەمر عبدالجبار عبدالله، صلاح أحمد عبدالرحمن (2022)، التعایش السلمی بین االأدیان في اقلیم کردستان العراق، مجلة جامعة تکریت للعلوم الاجتماعیة، ص ص 16 ـ 44.

- Araz H Radha, Abas Sh Ahmad, Symbolic Violence and is Relationship with Quality of Learning, Koya on the Road of Civilization, KRC 2019 International Conference. http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262 [available at: https://conferences.koyauniversity.org/index.php/krc/2019/paper/view/262 ]

- Benhabib,Seyla( 2002) "The claims of culture : equality and diversity in the global era", New Jersey : Princeton University press,.

- Bern, Jessica and other (2005). Education Policy in Multi-Ethnic Societies: A Review of National Policies that Promote Coexistence and Social Inclusion, Coexistence International.

- Galtung, J. (1996) "Peace by Peaceful Means: Peace and Conflict, Development and Civilization". London: Sage Publications.

- Geboers E, and other(2013). Review of the Effects of Citizenship Education. Journal of Educational Research Review, 3 (9): pp. 158-173.

- Giddens, Anthony and other (2005). "Introduction to Sociology", Fifth Edition, New York: Norton.

- Giddens, Anthony and other (2006). "Essentials of Sociology", New York: ISBN: 0-393-92774-1 (pbk).

- Grau, R., García-Raga, L., & López-Martín, R. (2017). The Challenge of Coexistence in Socially Vulnerable Schools. Procedia - Social and Behavioral Sciences, 237, 710–716. doi:10.1016/j.sbspro.2017.02.049

- Grishaeva, Elena B.(2012) "Multiculturalism as a Central Concept of Multiethnic and Polycultural Society Studies", Journal of Siberian Federal University. Humanities & Social Sciences.

- Hasan, Ahmed and Matar, Ghali( 2023). "Social diversity and peaceful coexistence a field studyin Dhi Qar Governorate". Social Science Journal.

- Hernes,Gudmund, "Planning for diversity: education in multi-ethnic and multicultural societies", International Institute for Educational Planning.

- Kerr, D. (2000). Citizenship education: An international comparison across 16 countries. A paper presented at the American Educational Research Association Conference, New Orleans, USA.

- Linda, S and other Research in Social Studies Education, New York: Routledge, - https://doi.org/10.4324/9780203930229

- Mirzaei, Hossein and other (2016). Social Capital and Social Coexistence (The Case of Pre-university School Girls in Tabriz City, 2012), Journal of Social Sciences Vol. 13, No.1, Serial No.27.

- - Novelli, Mario And Other (2017). "The 4rs Framework: Analyzing Education's Contribution to Sustainable Peacebuilding with Social Justice in Conflict-Affected Contexts, Journal on Education in Emergencies, Pp. 14-43.

- - Noel, Mporananayo (2019), SOCIOLOGY OF EDUCATION, Mount Kenya University, Online, available at [https://www.academia.edu/38834970/LECTURE_NOTES_SO

- - Sakade, Noriko (2009). PEACE EDUCATION IN PRACTICE? A CASE STUDY OF PEACE EDUCATION IN ENGLAND, School of Education The University of Birmingham.

- - Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. et al. How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. Middle East Curr Psychiatry 30, 46 (2023). https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2

- - UN. (1999)"Declaration on a Culture of Peace", Available at [http://www.undocuments.net/a53r243a.htm.].

- - UNESCO, In Learning: the Treasure Within (UNESCO PUBLISHING P. 37. [available at: https://unesdoc.unesco.org/ark:/48223/pf0000109590] accessed [3/5/2022]. Vered, Soli (2015). Peace education in Israel: an educational goal in the test of reality, Journal of Peace Education, 12:2, 138-153, DOI: 10.1080/17400201.2014.991913.

- - Voinea, M. (2012). The role of intercultural education in defining the system of individual values. Procedia - Social and Behavioral Sciences, 33, 288–292. doi:10.1016/j.sbspro.2012.01.129

**علاقة التربية بالتعايش**

**دراسة ميدانية لطلبة الصف التاسع الاساسي في مدينة اربيل**

**عباس شريف احمد**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب ،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.
abas.sharif@koyauniversity.org

**عبدالحميد على سعيد برزنجى**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب ،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**ملخص**

الهدف الرئيسي من هذا البحث عبارة عن تحديد علاقة التربية بالتعايش. من اجل هذا تم الاستفادة من طريقة ( الوصف التحليلي) عن طريق اخذ عينة بالاسلوب العشـوائي الطبقي من النوع الغيرمتناسبة ، بحجم (٤٠٠) فـرد من مكونات مجتمع البحث تم اختيارهم عشوائيا من طلاب مرحلة التاسع الاساسي. توصل هذا البحث الى نتيجة بان للتربية علاقة طـردية بمقدار (0.543) انحراف المعيارى عن التعايش. بمعنى ان زيادة كل انحراف المعيارى من التربية بمقدار (0.543) يزيد من انحراف المعيارى تعايش المكونات والعــكس صحيح. وتبين بان من ضمن الابعاد التربوية فقط الالتزام بالاعراف(norms) له تاثير على التعايش. وهذا يعني على التربية ولكي يكون لها التاثير الايجابي ان توجه الطلاب كحزمة واحدة.

**كلمات المغتاحيية :** التربية ، التعايش ، الهوية ، التعددية الثقافية ، الاعتراف

**The Relationship of Education to Coexistence**

**Abas Sharif Ahmed**
Department of Sociology, Collage of Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
abas.sharif@koyauniversity.org

**Abdulhameed Ali Saeed Barzinchi**
Department of Sociology, Collage of Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**Abstract**

The purpose of this study was to examine the correlation between education and coexistence. To this end, a descriptive method using a survey design was employed and disproportionate stratified sampling was used. A total sample of 400 secondary school students were studied.
The results of the study reveal that education has a positive effect on co-existence with the effect size of 0.543. This means that with the increase of each standard deviation of education, the coexistence increases by 0.543 standard deviations and vice versa.
It was also shown that among the dimensions of education, only commitment to norms had an effect on education, whereas the other dimensions have an effect as a package on coexistence. This tells that education should be directed at students as a complete package in order to have its effect.

**Keywords:** Education, Coexistence, Identity, Multiculturalism, Recognition